# له ئاسماندا ڕوخساری تۆ دەبینم★

گەڕانەوە بۆ شیعری کلاسیک★

**عومەر جەلال-سوریا**

ئەمشەو وەك باران هێمن دێم
ماڵت پڕ دەكەم لە جوانی
ئەی ئەو شۆخەی لەتت كردم
بۆ تەنیا ساتێك نەتزانی

من بێزار نیم
خەم بووەتە هاوڕێی تەنیام
ئەو ڕۆژەی كە بەجێت هێشتم
وەكو منداڵ زۆر زۆر گریام

چی لە گوڵ بكەم هەنووكە
خۆی قەشەنگ دەكات لە ئاستم
ئەگەر شارێك تۆی تیا نەبێت
لە تەنیایی خۆشم پەستم

ئەوەی عەشق فێری كردم
ئەزموونی ژیان نەیتوانی
ئەو كچەی كە خۆشم دەویست
لە مرۆڤ نەبوو نەمزانی

ژیان تازە بۆمن

**لێوان لێوە لە خەمباری**

**ئەم هۆنراوەش نابینیت**

**لە تەك فرمێسكم دەباری**

**ئومێدم زۆر هەیە گیانە**

**رۆژێك دابێت بەیەكتری شادبینەوە**

**بەرهەمی ئەم عەشقە شێتە**

**وەك و مندالّ بچنینەوە.**